# زاری کرمانجی

بەرپێشەیی. ئازادی زیاتر

هەفتەنامەیەکی سیاسی- کۆمەڵایەتییە

ژمارە ( ٣٢٩ ) دووشەممە٢٤ی ڕێبەندان ٢٧١١ی کوردی ١٣ی شوباتی ٢٠١٢




**جارێکی دیکەش ئاداب دەبێتە پاڵەوانی خولێکی زانکۆی سۆران**
لا ١١



چنار سەعد عەبدوڵڵا:

**کاری کابینەی حەوتەم ئاسان نابێت و پێشبڕکێ لەگەڵ کات دروست دەبێت**

لا٩

## سێ بنکەی تەندروستی خرانە سەر تەندروستی سۆران

**زاری کرمانجی–خلیفان:** لە سنووری ناحیەی خەلیفان هەر سێ بنکەی تەندروستی (بلەی خواروو و تارینان و مەلەکان ) کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کۆیە بوون، خراونەتەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران. لەوبارەیەوە د. مەقسود ئیسماعیل بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند "هەریەك لەبنکەی تەندروستی (بلەی خواروو و تارینان و مەلەکان) لە ئێستادا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆرانن، ئێمە چەندین کەلوپەلمان بۆ دابین کردوون، لە بەرنامەشدایە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەر سێ بنکەکە نۆژەن بکەینەوە".



ئەردەلان نورەددین :

**بەشێك لە یاساکان چەندین کەلێنیان تێدایە بوار دەدەن بە دادوەران بێلایەنییان لەدەست بدەن**

لا١٥

# ئەمساڵیش لە بودجەدا حسابی ئیدارەی سەربەخۆ بۆ سۆران نەکراوە



**زاری کرمانجی– سۆران:** بەگوێرەی قسەی قائیمقامی سۆران، ئەمساڵ ٩٥٪ی کێشەی خزمەتگوزاری لە سۆران چارەسەر دەبێت و روونیشی دەکاتەوە، کە لە سەرجەم بوارەکاندا پڕۆژەی جیا جیا بۆ سۆران ئەنجام دەدرێن.

کرمانج عزەت قائیمقامی سۆران، لە دیمانەیەکی هەفتەنامەی زاری کرمانجیدا دەربارەی کردنەوەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تا ئێستا پەرلەمان وەك ئیدارەیەکی سەربەخۆ بودجەی بۆ سۆران دیاری نەکردووە، بەڵکو هێشتا وەك قەزا وەریدەگرین، لەو بڕوایەشدایە دوای کابینەی حەوتەم بڕیار لەسەر پرسی ئیدارەی سەربەخۆ دەدرێت.

سەبارەت بە دەنگۆی گۆڕینی هەندێ بەرپرسی ئەو دەڤەرە، هەرچەندە کرمانج عزەت روونی دەکاتەوە، کە هیچ شتێکی فەرمی نییە، بەڵام بە پێویستی دەزانێت ئەو بەرپرسانەی ماوەیەکە لە پۆستەکانیان ماونەتەوە بگۆڕدرێن و بگوازرێنەوە شوێنێکی تر".

لە بواری گرفتی خزمەتگوزاری لە دەڤەری سۆران، قائیمقامی سۆران دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەمساڵ گرفتی خزمەتگوزاری لە سۆران بە ڕێژەی ٩٥٪ چارەسەر دەبێت، بۆ ئەمەش دەیخاتەڕوو وێڕای تەواوکردنی جووتسایدی دێڵزیان‌و جووتسایدی جوندیان، لە بەرنامەی حکومەتدایە ڕێگەی سۆران– رواندز بە جوتساید بکرێت. وێڕای چەند ڕێگەیەکی تری وەك ڕێگەی دێڵزیان بۆ ناوچەی پیشەسازی و ڕێگەیەك لە هۆڵی بۆنەکانەوە بۆ دێڵزیان و دروستکردنی ئۆڤەر پاسێك لە شەقامی کەمەربەندییەوە بۆ ڕێگەی هەولێر، ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات "دوو پارك لە بەردەم نەخۆشخانەی ئاشتی و پشت گۆشت فرۆشانی سۆران دروست دەکرێن".

سەبارەت بە کردنەوەی پزیشکی دادیش کە خواستی خەڵکی سۆرانە، روونی دەکاتەوە کە چەند پزیشکێك نێردراونەتە خولی ڕاهێنان و بەمزووانە پزیشکی داد دەکرێتەوە، لەبواری کارەباش، وێڕای ئەوەی ڕێژەی سوودمەند بوون لە کارەبا دەگەیەندرێتە ٩٧٪ بە ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەك، ئینارەی شەقامەکانی سەنتەرو شەقامە گشتییەکان دروست دەکرێت". وێڕای ئەنجامدان و بەکۆتا هاتنی پڕۆژەی گرنگ لە بوارەکانی تەندروستی و پەروەردەو گەشتوگوزار".

**درێژەی دیمانەکە لەلاپەڕە ٣ بخوێنەوە**

## نرخ لەسەر کەلو پەلەکان دادەندرێت

**زاری کرمانجی– سۆران:** هاوڵاتییانی شاری سۆران گازاندەی ئەوەدەکەن، کە لەبازاڕی سۆران نرخ لەسەر کەلو پەلەکان نییەو هەر دوکاندارێك بەویستی خۆی نرخ دیاری دەکات. لەم بارەیەوە سەرۆکی شارەوانی سۆران دەڵێت "لە هەفتەی داهاتوو نرخ لەسەر کەل و پەلەکانی خوراردن لە بازاڕی سۆران دادەندرێت". خاوەن سوپەرمارکێتێکیش ئاماژە بەوە دەکات کە "لە سیستەمی سوپەرمارکێتەکان پێویستە هەموو کەل و پەلەکان نرخیان لەسەر دیاری کرابێت، ئەمەش سوودی بۆ هاوڵاتییان هەیە".

حەکیم تێلی سەرۆکی شارەوانی سۆران بەزاری کرمانجی گوت "دوای ئەوەی لەگەڵ لێژنەی ئابووری شارەوانی سۆران کۆبووینەوە، بڕیارماندا دوکاندارەکان ناچار بکەین نرخ لەسەر کەلو پەلەکان هەڵبواسن". سەرۆکی شارەوانی روونکردنەوەی زیاتری داو گوتی " ئێمە کەس ناچار ناکەین بە زۆر نرخ دیاری بکات، بەڵکو بە گوێرەی مامەڵەی خۆیان نرخەکان بنووسن، چونکە پێمانوایە بوونی نرخ لەسەر کەلو پەلەکان دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی فڕوفێڵ لەهاوڵاتییان".

**لەم بارەیەوە ڕاپۆرتێك لەلاپەڕە (٥) بخوێنەوە".**

## "بکوژی ڕێباز لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە بە تەنیا نەبووە"

**زاری کرمانجی– سۆران:** بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست هەفتەنامەی زاری کرمانجی کەوتوون، بکوژی ڕێباز لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی، کە لەڕۆژی ٣١-١-٢٠١٢، لە کاولۆکان ئەنجامیدا، بەتەنیا نەبووە".

عەمید ئەسکەندەر ئەبابەکر، بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران، وێڕای پشت ڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە گوتی "تۆمەتباری کوشتنی ڕێباز، لە لێکۆڵینەوەکەدا دانی بەوە ناوە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی بەتەنیا نەبووە، بەڵکو هاوسەرەکەی لەگەڵی بووە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە". زیاتر روونی کردەوە "کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی کراوە لەم بارەیەوە ئەویش دانی بەوە ناوە لەکاتی کوشتنی ڕێباز لەوێ بووە".

لەلای خۆشیەوە موقەدەم عوسمان بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سۆران، بەزاری کرمانجی گوت "بەهۆی لێڵی و خێرایی ئاوی رووباری گەلی عەلی بەگ نەتواندراوە تا ئێستا تەرمی ڕێباز بدۆزینەوە".

## ئەندامێکی مەڵبەندی شەشی ڕێکخستنی سۆران لەلایەن دادگا داواکراوە

**زاری کرمانجی– سۆران:** بە تۆمەتی دروستکردنی ناسنامەی ساختە، ئەندامێکی مەڵبەندی (٦)ی ڕێکخستنی سۆرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەن دادگاوە داواکراوە، بەڵام تائێستا خۆی ڕادەستی یاسا نەکردووە".

لە پەیوەندییەکی زاری کرمانجیدا بە ئەندام مەڵبەندەکە گوتی "من کێشەکە بە کێشەیەکی سیاسی دەزانم نەك یاسایی، بۆیە تا ئێستاش نەچوومەتە بەردەم دادگا، چونکە بابەتەکە ئەوەندە نییە کە گەورە کراوە، دەبوایە دۆسیەی من لە پۆلیس بێت نەك ئاساییش، ئێستاش بە ڕێگەی خۆمەوە خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکەم".

لە بارەی ئەو قسەیەی کە گوایە مەڵبەندی شەشی سۆران دالدەی ناوبراوی داوەو ڕادەستی یاسای ناکات، زاری کرمانجی پەیوەندی کرد بە ئارێز عەبدوڵڵا بەرپرسی مەڵبەندی (٦)ی ڕێکخستنی سۆرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەو بارەیەوە گوتی" ئێمە هەواڵی لەوجۆرەمان نەزانیوە، ئەو کەسەش لەبەر دەستی ئێمەدا نییە تا ڕادەستی دادگای بکەین، بەڵکو ئێستا لە سلێمانییە". هەروەها گوتیشی" ئێمە داڵدەی هیچ کەسێك نادەین، کە دادگا داوای کردبێت".

## هاوڵاتییەك قەرەبووکردنەوە ١٠ ملیۆنیەکە بە گاڵتەکردن بە هاوڵاتییانی کوردستان دەزانێت

## "ئەگەر لە دادگا ناوخۆییەکان سەرکەوتوو نەبووین پەنا دەبەینە بەر دادگای نێودەوڵەتی"



**زاری کرمانجی– سۆران:** هاوڵاتییەکی کوردی دانیشتووی ستۆکهۆڵم، پێیوایە قەرەبوو کردنەوە ١٠ ملیۆنییەکەی حکومەتی عێراق گاڵتەکردنە بە خەڵکی و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سکاڵا لەسەر حکومەتی عێراق تۆمار دەکەن.

بەهجەت ساڵح ڕەسوڵ، کە هاوڵاتییەکی کوردی دانیشتووی ستۆکهۆڵمە، بۆ زاری کرمانجی ڕەخنە لە شێوازی قەرەبووکردنەوەی ئێستای حکومەتی عێراق دەگرێت و پێی وایە "ئەمە گەمە کردنە بە هەست و سۆزی خەڵکی و کەس و کاری قوربانیان، بەڵکو زەرەرو زیانی ماددی و مەعنەوی کورد زۆر لەوە زیاترە بە ١٠ ملیۆن دینار قەرەبوو بکرێتەوە". ئەو هاوڵاتییە روونی دەکاتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە، لە ناوچەی دهۆك لە عەشیرەتەکانی ڕێکانی و دۆسکی سەروو و نێروەیی دەستیان بە هەڵمەتێك کردووە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر حکومەتی عێراق، بۆ ئەوەی قەرەبووی سەرجەم زیانەکانی کورد بکرێتەوە. ناشی شارێتەوە کە ئەگەر لە دادگا ناوخۆییەکان هەوڵەکانیان بە ئاکام نەگەیشت، پەنا دەبەنە بەر دادگای نێودەوڵەتی و کۆڵ نادەن.

**درێژەی دیمانەکە لەلاپەڕە ٢ بخوێنەوە**

## سەرماو سۆڵە ٩ هاوڵاتی سووتاند

**زاری کرمانجی–سۆران:** بەهۆی ئەو بەفر بارینەو سارماو سۆڵەی دەڤەری سۆرانی گرتەوە، هاوڵاتییان زیاتر ئامێرو سۆپای گەرم کردنەوەیان بەکارهێناوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕووداوی سووتانی لێبکەوێتەوە.

سەرچاوەیەك لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران، بەزاری کرمانجی گوت "لەچەند ڕووداوێکدا لەماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا، کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لەگەڵ ٨ منداڵ، بەهۆی سۆپاو ئاوی گەرمەوە بەشێکی جەستەیان سووتا بوو، گەیاندراونە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی سۆران، دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی پزیشکی چارەسەری پێویستیان بۆ ئەنجامدراوە. ئەو سەرچاوەیە هۆکاری زۆری ڕێژەی سووتانی منداڵان دەگەڕێنێتەوە بۆ بێباکیو کەمتەرخەمی هەندێك لە خێزانەکان، کە وەك پێویست لەسۆپاو ئاوی گەرم دووریان ناخەنەوە، دەرەنجام ڕووداوی سووتانی لێدەکەوێتەوە".

## لە سۆران مامۆستایەك ئازاری قوتابییەك دەدات

**زاری کرمانجی– سۆران:** لە قوتابخانەی ٢٦ ی گوڵانی بنەڕەتی لە شاری سۆران، مامۆستایەك ئازاری قوتابییەك دەدات و چەند ئەندامێکی لەشی بریندار دەبێ.

سالار سادق بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند" لە قوتابخانەی ٢٦ ی گوڵانی بنەڕەتی ڕاستە مامۆستایەك لە قوتابییەکی داوەو چەند ئەندامێکی لەشی بریندار بووە، باوکی قوتابییەکەش لەلای ئێمە سکاڵای کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە لێژنەیەکمان پێکهێناوە، بۆ ئەوەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو بابەتە بکەن".

زیاتر گوتی" تا ئێستا چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لێژنەکە دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری کێشەکە چۆن بووە، تا لێپێچینەوەی یاسایی بکەین".

## دوای هەفتەیەك لە سووتان کچێك گیانی لەدەستدا

**زاری کرمانجی–چۆمان:** دوای نزیکەی هەفتەیەك لە سووتان، کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ گیانی لەدەستدا.

هەفتەی ڕابردوو کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ بەناوی (خەندە محەمەد) لەقەزای چۆمان دوای سووتانی بۆ ماوەی هەفتەیەك گیانی لەدەستدا، کەسێکی نزیکی ئەم ڕووداوە بەزاری کرمانجی ڕاگەیاند "بەهۆی ئەوەی ماڵەوەیان (دایك و باوکیان) شارەزان لە چارەسەری سووتان بە دەرمان و گیای کوردەواری، بۆیە کچەکەیان نەبردبوو بۆ نەخۆشخانە، بۆیە دواتر گیانی لەدەستدا". ئەو کەسە لەبارەی هۆکاری سووتانی ئەو کچە گەنجەوە، گوتی "ڕووداوەکە بەهۆی غازەوە بووە".

هەرچەند زاری کرمانجی پەیوەندی کرد بە بنکەی پۆلیسی چۆمان، بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی سووتاوەکە نەهێندرابوو بۆ نەخۆشخانە لێدوانیان لەو بارەیەوە نەدا.